ڕەشید بەچونی عەراقی لە پشتیوانی لەفەلەستین و مافی گەلەکەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سە ربەخۆ دووپاتکردەوە

عەبدلەلەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لەوەزیری ناوخۆی فەلەستینەئەمە هێنیەبەچونی عەراقی لە پشتیوانی لەفەلەستین و مافی گەلەکەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سە ربەخۆ دووپاتکردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە،بەڕاویکردووە،"عەبدلەلەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازیکرد لە وەزیری ناوخۆی فەلەستین زیاد هاب ئەلریح و وەفدی یاوەری".

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە"لەسەرەتای کۆبوونەوەکدا سەرۆک کۆمار بەخێرهاتنی وەفدەکەی کردو بارودۆخی خاکی فەلەستین لە ڕووی ئەمنی و ئابووری و مرۆییەوە تاوتوێکرا و تێیدا بەچونی عەراقی لە پشتیوانی لەفەلەستین و مافی گەلەکەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سە ربەخۆ دووپاتکردەوە

وتیشیە"سەرۆک کۆمار جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە دەستبەجێ هەموو جۆرە دەستدرێژییەک کە فەلەستینییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە کۆتایی پێبهێنرێت و ئاسایش و سەلامەتی ئەوان دەستبەر بکرێت و ئاماژەی بەوەدا کە سەقامگیرکردنی بارودۆخی فەلەستین تاکە ڕێگایە بە بەدیهێنانی سەقامگیری و ئاشتی

هەمیشەیی لە ناوچەکەدا.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە"

لای خێوەت وەزیری ناوخۆی فەلەستین سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی بە هەوڵە بەردەوامەکانی سەرۆک کۆمار بە پرسی فەلەستین و ئەوەی سەرکی عێراق لەداکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی فەلەستین.